ڕێتەرز: وادەی دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێم نزیك نییە

ئاژانسی ڕێتەرز، ئەمە هەینی، بڵاویکردەتەوە کە وادەی دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان، "نزیك نییە"، ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان بەغداو هەرێم، دەبێت پێشتر هێناردەی نەوت دەستپێبکاتەوە ئینجا بەغدا موچەی مانگی پێنجی فەرمانبەرانی هەرێم دەنێرێت.

ئاژانسی ڕێتەرز، ئەمە هەینی لە زاری چەند سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە بڵاویکردەتەوە کە وادەی دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان نزیك نییە، هەرچەندە بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان بەغداو هەرێم دەبێت دەستبەجێ دەست بە هێناردەکردنەوەی نەوتەکە بکرێتەوە.

سەرچاوەیەك لە کەمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان-ئەپیکەر، بە ئاژانسەکەی وتوە، هێناردەکردنەوەی نەوت بەندە بەوەی کە ڕێککەوتنی نوسراویان رادەست بکەن.

هەروەها سەرچاوەیەکی دیکە لە کەمپانیاکانی "کار گروپ"، کە هەڵی بەری نەوتی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەڕێوەدەبات، بە ڕێتەرزی وتوە، هەشتا هیچ ئامادەکارییەك نەکراوە بە هێناردەکردنەوەی

نلوت.